# بۆ ئەبراهام لینکۆڵن، سەرۆکی ئەیالاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

کارڵ مارکس

وەرگێرانی /سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم

dwaroj@yahoo.de

بەرێز

ئێمە، بەبۆنەی سەرلەنوێ هەڵبژاردنی سەرکەوتووانەی پایەبەرزتان بە زۆربەی دەنگەکان، هیوای خۆشبەختی دەخوازین بۆ گەلی ئەمریکا. ئەگەر بەرگری لە دژی دەسەڵاتی موڵکدارانی کۆیلایەتی، درووشمی میانرەوی یەکەم هەڵبژاردنتان بوو، ئەوا، بانگەوازی خەباتگێرو سەرکەوتووانە بۆ سەرلەنوێ هەڵبژاردنتان، راگەیاندنێ مردن بۆ کۆیلایەتییە!

هەر لە سەرەتای پێکدادانە مەزنەکانی ئەمریکا، کرێکارانی ئۆروپا، بە غەریزەتەوە هەستیان کرد کە چارەنووسی چینەکەیان بە ئالا ئەستێرینەکەیانەوە گرێدراوە. ئایا نەدەبوو خەبات لەپێناو زەوی و زارەکان کە دەسپێکی ئەم مەلحەمە پڕ زەبروزەنگە ترسناکە بوو، بڕیار لەسەر ئەوە بدا، زەمینە نەکێڵراوەکانی دەشتە بەرفراوانەکان بخرێنە ژێردەستی کاری کۆچکراوەکان یان دەبێ بە پێڵاوی خاوەن کۆیلەکان شەرمەزار بکرێ؟

کاتێ ئۆلیگارشییە موڵکدارەکانی300 000کۆیلە بۆ یەکەم جار لە مێژووی جیهان وێرایان ووشەی کۆیلە لەسەر ئالای یاخیبوونی چەکدارانە نووسی؛ کاتێ لە هەمان ئەو شوێنە، بۆ یەکەم جارە لە ماوەی100ساڵدا، بیرۆکەی کۆمارێکی دیموکراسی مەزن سەرییهەڵداو یەکەم بانگەوازی مافی مرۆڤ راگەیەندراو یەکەم پاڵ بە شۆڕشی ئۆروپی سەددەی هەژدەهەمەدا درا؛ کاتێ لە هەمان ئەو شوێنە، دوژمنانی شۆڕش بە هەوڵ و خۆگرییەوە، شانازییان بەوەوە دەکرد بە لەناوبردنی"بیروباوەڕە بالادەستەکانی ئەو سەردەمە کە دەستوورە کۆنەکە داڕشت"و ڕایانگەیاند کە "کۆیلایەتی دەزگایەکی سوودمەندە-تاقە چارەسەرە بۆ کێشە گەورەکەی نێوان کارو سەرمایە"و بە گاڵتەجارییەوە ڕایانگەیاند کە مافی موڵکدارێتی مرۆڤ"بەردی بیناغەی دامەزراوە نوێیەکەیە"-ئەو کاتە چینی کرێکاران لە ئۆروپا دەستبەجێ تێگەیشتن، تەنانەت پێش ئەوەی چینە بالادەستەکان بە لایەنگیری توندڕەوانە لە کێشەی خاوەن موڵکە عەقارییەکانی ئەیالاتەکانی باشووردا بکەن، ئەو هەڕەشە شوومەیان لێدەکرێ کە ئاشووبی خاوەن کۆیلەکان، زەنگی مەترسییە لەپێناو هەوڵدانی موڵدارەکان بە هێرشێکی خاچپەرستانەی گشتی لە دژی کاردا و چارەنووس و هیوای دوارۆژی کرێکاران و تەنانەت دەسکەوتەکانی ڕابردووشیان لەم خەباتە بەرفرەوانەی ئەودیوی ئۆقیانووس ئەتلەسی دەخاتە مەترسییەوە. لەبەر ئەم هۆیە، چینی کرێکار لە هەموو شوێنێکدا، بە ئارامییەوە ئازاری مەحرومبوونیان لە قەیرانی پەموو دەکێشا و بە گەرمییەوە لە بەرژەوەندی کۆیلەکاندا، لەدژی دەستتێوەردەران ڕاوەستان؛ ئەو دەستتێوەردانە کە چینە بالادەست و"تێگەیشتووەکان"بەوپەڕی سووربوون و کۆڵنەدانەوە، هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدا. کرێکاران لە وەلاتەکانی ئۆروپاشدا، لەپێناوی ئەو کێشە ڕەوایە، بەخوێنی خۆشیان بەشداریان کرد.

تا کرێکاران، وەک هەڵگری ڕاستەقینەی دەسەڵاتی سیاسی لە باکوور، ڕێگایان دا، کۆیلایەتی، بێحورمەتی بە کۆمارەکەیان بکەن؛ تا لەبەردەم ڕەشپێست کە بە بێ پەسەندایەتی خۆی، دەکڕدرێت و دەفرۆشدرێت، شانازی بە ئیمتیازی پایەبەرزی کرێکاری سپی بکەن کە دەتوانێ خۆی، خۆی بفرۆشێ و بەخۆی سالاری خۆی هەڵبژێرێ؛ بەدرێژایی ئەوە نەیانتوانی ئازادی ڕاستەقینەی کارکردنیان دەستبکەوێ یا یارمەتی خەباتی ئازادیخوازی برا ئۆروپییەکانیان بدەن. ئەم ڕێگەگرییەی بەردەم پێشکەوتن، کەوتە بەر دەریای سووری جەنگی ناوخۆدا.

کرێکارانی ئۆروپا بڕوای پتەویان هەیە بەوەی کە چۆن جەنگی ئەمریکی لەپێناو سەربەخۆیی، سەرەتای سەردەمێکی نوێ بۆ دەسەڵاتدارییەتی چینی ناوەند بوو، بەهەمان شێوەیەش، جەنگی ئەمریکی لەدژی کۆیلایەتی، سەرەتای سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی چینی کرێکارە. کرێکاران وای دەبینن کە ئەوە هێمایەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەردەمێکی نوێ، سەردەمێکی پڕمانا کە ڕاکێشانەکە بەر ئەبراهام لینکۆلن کەوت، کوڕی پۆلاییینی چینی کرێکار، بۆ ئەوەی لە ناو خەباتی بێ نموونەدا، سەرکردایەتی نیشتمانەکەی بکات بۆ رزگارکردنی ڕەگەزێ کۆیلەکراوو لەپێناو گۆڕینی سیستێمی کۆمەڵایەتی جیهان.

ئیمزاکەران بەناوی ئەنجوومەنی بالای ئەسوساتسیونی کرێکارانی جیهانی:

**Le Lubez, korrespondierender Sekretär für Frankreich; F. Rybczinsky (Polen); Emile Holtorp (Polen); J. B. Bocquet; H. Jung, korrespondierender Sekretär für die Schweiz; Morisot; George W. Wheeler; J. Denoual; P. Bordage; Le Roux; Tallandier; Jourdain; Dupont; R. Gray; D. Lama; C.**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**Setacci; F. Solustri; P. Aldovrandi; D. G. Bagnagatti; G. P. Fontana, korrespondierender Sekretär für Italien; G. Lake; J. Buckley; G. Howell; J. Osborne; J. D. Stainsby; J. Grossmith; G. Eccarius; Friedrich Leßner; Wolff; K. Kaub; Heinrich Bolleter; Ludwig Otto; N. P. Hansen (Dänemark); |20| Karl Pfänder; Georg Lochner; Peter Petersen; Karl Marx, korrespondierender Sekretär für Deutschland; A. Dick; L. Wolf; J. Whitlock; J. Carter; W. Morgan; William Dell; John Weston; Peter Fox; Robert Shaw; John M. Longmaid; Robert Henry Side; William C. Worley; Blockmoor; R. Hartwell; W. Pidgeon; B. Lucraft; J. Nieass**

***G. Odger*, Präsident des Rats**
***William R. Cremer*, ehrenamtlicher Generalsekretär**

**لە 22و 29/ 11/ 1846 نووسراوە و لە(سۆسیال-دیموکرات، ژمارە3، لە 30دیسەمبەری1864بڵاوکراوەتەوە)**

---

**سەرچاوە: Karl Marx/Friedrich Engels - Werke, (Karl) Dietz Verlag, Berlin. Band 16, 6. Auflage 1975, unveränderter Nachdruck der 1. Auflage 1962, Berlin/DDR. S. 18-20**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com